# تکایە، خاسی مەکەن، با خراپتر نەبێت!/٣

ئاکۆ مارانی
٢٠٢٥/٠٨/٢٥

ڤ ، ۋ ، ڹ ، ڨ ، ۑ  (فۆن) یان (ئەلەفۆن)؟

.٣

/ۋ/ ۋۑ V [1] : فۆنێمە، واتای واژەکان دەگۆڕێت و جووتواژەکان* لە یەکدی جیادەکاتەوە. پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی کە  /ۋ/ بە بێژەی ناوچەیی و ئەلەفۆن هەژمار دەکەن، دەیان جووت-واژە هەن، کە بە /ۋ/ گۆدەکرێن و بەرانبەر بە ئەوانیش واژەی دیکە هەن، کە بە /و/ گۆدەکرێن و واتایان جیاوازە و بەس بە هەبوونی /ۋ/ .. /و/ لە یەکدی جیادەکرێنەوە. واتە لەنێو ئاخاوتنی هۆرامی  (بێجگە دیالێکتی ناوچە سنووریەکانی هۆرامان) هەم فۆنێمی /ۋ/ و هەم فۆنێمی /و/ هەیە. /ۋ/ هەم لە سەرەتا و هەم لە نێوەند و هەم لە کۆتایی واژە بوونی هەیە. نموونە:
ۋەزۆ : سەردەکەوێت ، خۆای : پێکەنین ، سۆۑ : کەپەک، دەمبۆ، دەمێک ..تد.

بێجگە لەوەش [ۋ] لە هەموو بار و جێیەک فۆنێکی نەبزوێنە، ئەوە کە لە کاتێک کە [و] بەگوێرەی بزوێن و نەبزوێنبوونی پیتەکانی پێش و پاشی ڕۆڵەکەی دەگۆڕێت و دەبێت بە فۆنێکی بزوێن یان نەبزوێن.  لەنێو ئەو واژە و بڕگانەی کە دوو فۆنەبزوێن لە دوای یەکدی دێن، لە نێوەندی واژە، یان لە کۆتایی واژە وەک پاشگری تاکناوی نەناسراو و ئاوەڵناوی نەناسراو، فۆنی بۆرە [ڨ] دەگۆڕدرێت بە [ۋ]. نموونە :
ڕۆ cv - ڕۆێۆ ccvc، کۆ cv - کۆەکە ccvcv، ئازێۆە cvcvcv ، تەرسەزاڵێۆ cvccvcvcvc ...تد.

بەپێچەوانەی تێگەیشتنی ئەو کەسانەی کە وەها دەزانن لەنێو ئاخاوتنی ئەو ناوچە و گوندانەی کە فۆنێمی /ۋ/  (شێوەیەک لە ڤ یان ڤێ لاواز) هەیە، هەموو [و]ێک دەگۆڕێت بە [ۋ] و ئیدی فۆنێمی /و/ بوونی نییە. لەنێو ئاخاوتنی ناوچە و گوندە نێوەندییەکانی هۆرامان هەژمارێکی زۆر واژە هەن، کە لە هەموو جێیەکی واژە و لە هەموو بارێکی ڕێزمانی هەر بە [و] گۆدەکرێن، نموونە لەوانە:
وەزی : گوێز ، وەزۆ : گوێزی ، وەر : خۆر ، وەرەتاۋ : خۆرەتاو ، وڕای : ڕووخان ، وڕە : لۆکەی پزیشکی ، ونی : خوێن ، دوە : دەزگەی ڕستن و هەڵکردن/پێچان ، ڕوە : ڕوو ، وارڎەی : خواردن ، وەنەی : خوێندن لە فێرگە و حوجرە ، واناى : خوێندنی باڵداران ، وانە : وانە ، ئەۋەوەنەی : خوێندنەوە ، بوەرە : بخۆ ، وار : خوارەوە ، سوار / سوارە : سوار ، چوار : چوار ، سێمارەوار : ناوی کێوێکە لە تەۋێڵێ ، گیۋاۋوەر / گیۋاۋوەرە : گیاخۆر، وەزڵییە : ناوی شوێنێکە لە تەۋێڵێ ، وەزڵێ : گوێزۆکە ، وەل بە : گوم بە ، تاوەکو : تاکو ، ورد : ورد ، وزە : وزە ، ورە : وردە ، وردڵێ : ئێسکۆکە خرەکانی جومگەی مەچەک، وەش : خۆش ، وس : وس ، وڵە : کون ، ورگ : ورگ ، وەرم : خەو/ خەون ، وەرەم : وەرەم ، وتەی : خەوتن ، وەی : وەی ، وی : وی، وۑ : خۆ ، وێش : خۆی ، وش : جۆرێک  چنراوی گونیەیی لە ڕیشاڵی درەخت ، وەیس : وەیس ، واڵێ : خوشک ، وێوە : بووک، وێوڵێ : بووکۆکە/ بووکەشووشە ، وەیس : وەریس ، وەیسا : ناوی شوێنێکە ، گوەکە : گوەکە (پێسایی مرۆڤ) ، وەڕسە : گوریس ، پوەلت : پواو ، موەکە : موەکە ، کوڕ : کوڕ ، بوانۆ : بخوێنەرەوە ، وێڵ : وێڵ ، ورەور : ورەور ، کورەپیاز : کورەپیاز/نێرۆکەی پیاز، کوڵ : کورت ، قوڵ : قوڵ ، ورتە : دەنگۆکە، وازئارڎەی : وازهێنان، وردەواڵە : وردەواڵە، گوڕ : گوڕ ، گول : گول ، واشە : مشکەگرە ، ویل : ویل ، ...تد.

هەر وەها بەپێچەوانەی تێگەیشتنی ئەو کەسانەی دەڵێن [ۋ] ئەلەفۆنە و بەس تایبەت بە ئاخاوتنی خەڵکی تەۋێڵێ دەکەن و لەوەش واوەتر پرسەکە ئاوەژوو دەکەنەوە، گوایە [ۋ] هەورامی نییە و فارسییە. تاکو بەرەو قووڵایی و نێوەندی چوگرافیای هۆرامان بڕۆین، بوونی فۆنێمی /ۋ/ زیاتر و تۆختر دەردەکەوێت، بەتایبەت لە هۆرامانی تەخت تاکو تەۋێڵێ. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەو کەسانە بەخۆشیان تەنانەت لە سنوورەکانی ئاخاوتنی هۆرامیش هەر بەجۆرێک [ۋ] لاواز گۆدەکەن و هەرگیز ناتوانن [و] لەنێو ئەو واژانەی کە لەنێوەندی هۆرامان بە [ۋ] گۆدەکرێت، وەک [و] گۆبکەن. کاتێکیش کە بە کوردی سۆرانی دەدوێن، بێژەکردنی [و]ی ئەوان دەریدەخات، کە ئەوان هۆرامن.

وەک لە سەرەتا ئاماژەدرا، بێجگە لە گۆڕانی فۆنە-بزوێنی [ڨ] بۆرە بە فۆنە-نەبزوێنی [ۋ] بەهۆی لەتوانانەبوونی گۆکردنی دوو فۆنی ڤاوڵ لەنێو ئاخاوتنی زمانە/دیالێکتە کوردییەکان، ناچار، /ۋ/ وەک فۆنێمێکی جیاواز لە فۆنێمی /و/، واتای جووت واژەکان لە یەکدی جیادەکاتەوە، نموونە:

| نموونەی /و/ w/u | | واتا بە ک. سۆرانی | نموونەی /ۋ/ V | | واتا بە ک. سۆرانی |
|---|---|---|---|---|---|
| خوا | xɨwa | خوا | خۋا | xɨva | پێکەنی |
| خوان | xɨwan | خوایە | خۋان | xɨvan | پێکەنیوە |
| خواۍ | xɨwabı̣ | خوابوو | خۋاۍ | xɨvabı̣ | پێکەنیبوو |
| خوابۊ | xɨwabü | خوابێت | خۋابۊ | xɨvabü | پێکەنیبێت |
| خوانا | xɨwana | خوام | خۋانا | xɨvana | پێکەنیوم |
| خوانۍ | xɨwanı̣ | دەیخایاند | خۋانۍ | xɨvanı̣ | پێکەنیم |
| خوابوو | xɨwabû | خوابم | خۋابوو | xɨvabû | پێکەنیبم |
| خوابنۍ | xɨwabı̣nı̣ | خوابووم | خۋابنۍ | xɨvabı̣nı̣ | پێکەنیبووم |
| خوانی | xɨwani | خوایت | خۋانی | xɨvani | پێکەنیویت |
| خوابینی | xɨwabı̣ni | خوابوویت | خۋابینی | xɨvabı̣ni | پێکەنیبوویت |
| خوێبێندۍ | xɨwêbı̣ndı̣ | خوابوون (ئێوە) | خۋێبێندۍ | xɨvêbı̣ndı̣ | پێکەنیبوون (ئێوە) |
| خوێندۍ | xɨwêndı̣ | خوان (ئێوە) | خۋێندۍ | xɨvêndı̣ | پێکەنیون (ئێوە) |
| خوێبنۍ | xɨwêbı̣nı̣ | خوابوون (ئەوان) | خۋێبنۍ | xɨvêbı̣nı̣ | پێکەنیبوون (ئەوان) |
| خوێنۍ | xɨwênı̣ | خوان (ئەوان) | خۋێنۍ | xɨvênı̣ | پێکەنیون (ئەوان) |
| وەزی | wezi | گوێز | ۋەزی | vezi | سەردەکەویت |
| وەزۊ | wezü | گوێزی | ۋەزۊ | vezü | سەردەکەوێت |
| وەزنۍ | wezı̣nı̣ | گوێزن | ۋەزنۍ | vezı̣nı̣ | سەردەکەوتن( ئەوان) |
| وەزینە | wezı̣ne | گوێزە | ۋەزینە | vezı̣ne | سەردەکەویت |
| وەر | wer | خۆر | ۋەر | ver | پێش |
| وەرو | weru | خۆری | ۋەرو | veru | لەبەر |
| وەرۊ | werü | دەخوات | ۋەرۊ | veru | بەری ، لەبەری |
| وەرە | were | بخۆ | ۋەرە | Vere | بەرخۆلە |
| وەرەش | wereʃ | بیخۆ | ۋەرەش | Vereʃ | پێشی ئەو /بەشە پێشی ئەو |
| وەزا | Weza | گوێزان (گوێز ک. ن.) | ۋەزا | veza | سەردەکەون (ئەوان) |
| وەرم | Werɨm | خەو | ۋەرم | verɨm | پێشم؛ پێشی من |
| وەرما | Werma | خەوان | ۋەرما | verma | پێشمان؛ پێشی ئێمە |
| وەرش | werɨʃ | خۆری | ۋەرش | verɨʃ | بەری |
| وەرشا | werʃa | خۆریان | ۋەرشا | verʃa | بەریان |
| وەرشەنە | werʃene | لە خۆری | ۋەرشەنە | verʃene | لەپێشی (ئەو) |
| وەرە وەرە | were were | بخۆ بخۆ | ۋەرە ۋەرە | vere vere | بەرە بەرە |
| وەرینە | werine | دەخۆیت | ۋەرینە | Verine | بەرایی |
| دوە | dɨwe | ئامرازی ڕستن | دۋە | dɨve | بدوێ |
| دوۍ | dɨwı̣ | چەند ئامرازێکی ڕستن | دۋۍ | dɨvı̣ | دوو (٢) |
| وزە | wɨze | وزە | ۋزە | vɨze | بخە / بخەرە |
| وڕە | wɨrre | لۆکەی پزیشکی | ۋڕە | vɨrre | کەسی وڕ (ڕەگەز مێ) |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| وڕڀ | wɨrrɪ | لۆکانی پزیشکی | ڤڕڀ | vɨrrɪ | کەسانی وڕ، کۆناوی نەناسراو |
| گوەکە | gɨweke | گوەکە؛ گووکە | گڤەکە | gɨveke | گۆکە؛ گۆپکی درەخت، تاکناوی ناسراو |
| گوڀ | gɨwɪ | گوان؛کۆی گوو | گڤڀ | gɨvɪ | گۆیان؛ کۆی نەناسراوی گۆپکی درەخت |
| گوەکڀ | gɨwekɪ | گوەکان؛کۆی گوو | گڤەکڀ | gɨvekɪ | گۆکان؛ کۆی ناسراوی گۆپکی درەخت |
| گوەکەو | gɨwekew | گوەکەی | گڤەکەو | gɨvekew | گۆکەی |

بەو جۆرە دەیادان واژەی دیکەی هەورامی ڤێی لاواز [ڤ] واتاکەیان دەگۆڕێت و لە واژەکانی دیکە جیادەکاتەوە، کە بە (و) گۆدەکرێن. بۆ زیاتر ئاشنابوونی خوێنەر بەو جووتواژە واتا جیاوازانە، دەتوانێت چاوێک بە فەرهەنگی (ڤەرقوڵ**) مامۆستا جەمال بێدار بگێڕێت، کە سەدان واژەی هۆرامی بە هەبوونی هەر دوو فۆنێمەکەی لەخۆگرتوون.

---

١. /ڤ/ لەنێو ئاخاوتنی زۆرینەی ئاخێوەرانی گوند و ناوچەکانی نێوەندی هۆرامان بوونی هەیە، چونکە دیالێکتە سنوورییەکانی هۆرامی بوون پشتێوێنەی پاراستنی ئەو /ڤ/. لەنێو ئەو دیالێکت و شوێنانەش کە گۆکردنی [ڤ] بۆ بێژەیەک لەنێوان [ڤ] و [و] گۆڕاوە، تاکو بەرەو قووڵایی هۆرامان بڕۆین، زیاتر بەرەو [ڤ] دەڕوات. بەڵام تاکو لە قووڵایی هۆرامان دووربکەوینەوە و لە خاڵی بەریەککەوتنی دیالێکتە سنوورییەکانی هۆرامی و سۆرانی نزیک ببینەوە، لە بێژەی ئەلەفۆنێک لە [و] نزیکتر دەبێتەوە و بەرگوێ دەکەوێت. بەڵام لە هیچ بارێکدا بێژەکردنی ئەو واژانەی کە [ڤ] لەنێو هەیە و بە [و] گۆدەکرێن، وەک بێژەکردنی [و] سۆرانی-ئاخێوەرێک نییە.

* جووتۆکە واژە minimal pair، ئەکادێمیای کوردی د. وریا عومەر ئەمین.

* فەرهەنگی هۆرامی –سۆرانی (ڤەرقوڵ) نووسینی مامۆستا جەمال بێدار، لینکی داگرتن و خوێنەوە لە کوردیپێدیا
https://www.kurdipedia.org/?q=20190521160331289227&lng=1